# ونبوون به دەم بـــا ی قەدەرێکەوە



Ahmadali525@hotmail.com
کانونی یەکەمی1997

ڕۆژانی ڕەفاقەتمان بە سەر چوو
ئەی دۆستێک پڕ لە تەمەنم،
سەردەمی عاشق بونمان تێپەڕی
ئەی دەنگێک پڕ لە ماڵەکەم،
زەمەنی پێکەوە بونمان ڕۆیی
ئەی گوڵێک لە باخچەی زاکیرەم،

چەن دڵۆپێ خەمی دایکت و
مشتێ تەمەنای دڵمت بە کۆڵا دا و
بە دڵێکی لێواولێو و،
جانتایەکی خاڵیەوە ڕۆیشتی ڕۆۆۆ و
سەفەرت کرد

سەفەر بەرەو ستارەیەکی نادیار
بەرەو خامۆشترین سەحرا
بەرەو پایزیترین تەنهایی
کە بۆنی هەڵوەرین و
ڕەنگی عاشقێکی شکاوی لێ نیشتبوو،

ئەی سەرابی ترین ئاوەدانی

سۆراخی ئێرە مەکە ئیتر
لێرە کۆڵانەکان تۆیان بە فەرامۆشی سپارد
درەختەکان ڕەنگی تۆیان بیر چوەتەوە
ئەستێرەکان لە یادیان چوو
کەسێک هەبوو تاکوو سەحەر
لە بەر ڕۆشنایی خۆیاندا
ئاوێزانی تەنهایی بوو ،،،

ئۆۆۆۆۆی موسافیر
چنگێ ئاسەوارت لە منا ماوەتەوەو
تۆزی زەمەن هەموو شتێکی داپۆشی
ڕەشەبایەک هەڵی کردو
دیوارەکان لە ڕەسمی تۆ و
لێوەکانی لە ناوی تۆ و
ماچەکانی لە تامی تۆ و
نوێنەکانی لە بۆنی تۆ سڕییەوە.....

موسافیر گیان
ئەی قەرەجێک بێ سنور وبێ مەنزڵ
ئەی پەڵەیەک هەوری تەنهاو خۆڵەمێشی
لە ئاسمانی تەڵخی ئەوێ
من نازانم رەسمێکی تەڵخی رابردوو
بە دیواری خەیاڵتەوە ماوە یان نا
من نازانم ماڵت هەیە و لە باخچەیەک،وێرانەیەک
لە چی ئەچێ
ماڵێک پڕ بێ لە بۆنی تۆ، لە داهاتوت
یان لافاوێک ئەمڕۆت بەرەو چەمی نسیان ڕائەماڵێ؟

مەگەرێوە، ئەگەر تیشکێ لە چاوانتا مابێتەوە
ئەگەر نیگات لە سۆراخی مانگە شەوی ئێرەدایە
ڕەنگەکانی ئەم وڵاتە تێکەڵەیەکن لە غوبار
هیچ ناچیتەوە سەر دوێنی
هیچ ناچێتەوە سەر سبەی
ئەمڕۆش لە هیچ شتێ ناچێ ........

وای موسافیرە قەرەجەکەم
چی موسیبەتێک ئەبینم
سورایی خوێنی شەوانی دڵی ئێرە
کاڵبوەتەوە
هەناسەیەک قودرەتی ئەبەدی بونی نەماوە
ڕەگێک فەخری ئەزەلی بونی پێ ناپڕێ ،

لێرە گولە قەت ناپرسێ
ئەوەی لە دڵی ئەچەقێ ناوی چیە
ناپرسێ قەت ئازارەکانی پێش مردن چ جۆرێکە
ئەسەف بۆ ڕاچەڵەکینی مناڵێک ناخوا لە ناڵەی خۆی
لێرە مەرگ
خەمی سوتانی جەرگی دایکێک ناخوا
ئاە ، بۆ سەوزترین تەمەن هەڵناکێشێ ،

قەرەجەکەم کە هاتیەوە
بـــــــــا ..
خاڵی بوبیتەوە لە قەساوەتی بیابان
لە بیرەوەریەکانی ئێرە
لە دۆستایەتی لە گەڵ مەرگ
لە سەر خۆشبون بە بۆنی تەنهایی
لە هۆگری ئێوارانی
دڵتەنگتر لە دڵی سەفەر
ترساو تر لە ترسی سەفەر *